# چەندین کەسایەتی و لایەنی سیاسی  پشتیوانی لە هاتنە سەرکاری حکومەتێکی عەلمانی دەکەن لەعیراقدا

## قسەو باسی نیوان هۆزان محمود و نۆینەری ئیبراهیم جەعفەری لەشاری ئۆکسفۆرد

رۆژی 10–3 لە تاون هۆڵی شاری ئۆکسفۆرد کۆڕێك لەلایەن کەمپینی دامالینی چەکی کۆکوژیوە (CND) بۆ هۆزان محمود ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیای حیزب ، وە بەشار النهر قسەکەری رەسمی ئیبراهیم جعفەری پێشنیار کراو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئیستای عیراق  دانرا .

لەم سیمینارەدا سەرەتا بەشار النهر وەك پێشەی ادعاکانی پێشویان لەقسەکانیاندا پرو پاگەندە دەکەن  لەسەر هەڵبژاردنەکان و شەرعیتی بەناوحکومەتەکەیان کە گوایە هەڵبژیراوی خەڵکی عیراقن و تەواوی خەڵکی عیراق لەهەڵبژاردن بەشداریان کردوە خۆش گوزەرانی یان هیناوە  و مافەکانی تەواوی خەڵکی عیراق دەپاریزن  وە چەند ادعای تر..........پاشان هۆزان محمود پێچەوانە بە قسەو باسەکانی بەشار النهر لەسەر سیناریووی گاڵتەجارانەی هەڵبژاردن و ادعاکانی هەڵبژاردنێکی ئازادانەو وە بەشداری خەڵکی عیراق تیادا دەخاتە ژیر پرسیارەوە  ،هاوکات باس لەوە دەکات ئەم هەڵبژاردنانە پەیوەندی بەخەڵکی عیراقەوە نیە وە  هەڵبژاردنێکی ساختە بووە  ،حکومەتی ئایندە حکومەتێکی هەڵبژیراوی خەڵکی عیراق نی یەو  ،باس لەو تەزویرو هەرەشەو چاو سورکردنەوانە دەکاتە کە لەماوەی هەڵبژاردندا لەلایەن حکومەتی کاتی یەوە گیرابوویە بەر ،هەروەها  حکومەتی ئایندەی عیراق  وەك پرۆژەیەکی ئەمریکا لەقەلەم دەدات ، کە بریارە حکومەتێکی ئیسلامی بیت و مافەکانی ژنان و خەڵکی عیراق لەنیو ئەو حکومەتەدا  باس لیَ دەکات کە لەماوەی حکومەتی کاتیدا چە جۆرە بی ماف بی حقوقی یەك بەرامبەر خەڵکی عیراقدا بەریوەبرا لە داسەپاندنی حیجاب و نائەمنی کوشتن ورفاندن وبیکاری و ناتوانی ئەو حکومەتە لەچارەسەرکردنی وەزعی ئیستای عیراقدا  .

هاوکات لەسەر دارشتنەوەی دەستور لەعیراق دا و بەدیلی  دامەزراندی حکوتیکی غەیرە قەومی و غەیرەدینی  لەسەر ئەساسی حقوقی هاوولاتی یەکسان و مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان و جیای دین لەدەولەت  بۆ ئامادە بوان دەخاتە روو ،داوای  راکیشانی پشتیوانی دەکات  بۆ کۆتای هینان بەداگیر کاری ئەمریکاو و ئیدانەکردنی هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی.  .

پاشان نۆینەری ئیبراهیم جەعفەری  لەئاستی خستنە رووی راستی یەکاندا  بیَ وەلام دە مێنیتەوە  وبە پەلە قسەکانی خۆیان تەواو دەکەن ،لەم نیوەدا بەشدار بوان پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی هۆزان محمود دەکەن لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و  وەبەگەرمی پێشوازی دەکەن لە هاتنە سەرکاری حکومەتێکی عەلمانی لەعیراقدا  وە پشتیوانی رادەگەیەنن  لە رێکخراوی  ئازادی ژنان و رێکخراوە کرێکاریەکان  و جەبهەی  رادیکال و انسانی لەعیراقدا ،شایەنی باسە لەم کۆرەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیان و رێکخراوە چەپەکان بەشداری دەکەن و لەقسەو رێگا چارەکانی   هۆزان محمود   پشتیوانی دەکەن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق \رێکخراوی بەریتانیا**

2005-3-24

www.wpiraq.net        TEL:07734704742